## کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی

# کاری کۆمەڵایەتی



2024 / 4 / 25-24

seed foundation
Social Educational Economic Development

Salahaddin University – Erbil 1981

University of Sulaimani 1968

Ministry of Higher Education & Scientific Research – KRG Iraq

دروشـــمی کــــــۆنفرانس:

## کاری کــــۆمەڵایەتی و شوناسی پیشـــــەیی لە هەرێمی کوردستان

کۆنفرانسێکی هاوبەشی هەردوو بەشـــی کـــاری کـۆمەڵایەتییە لە کۆلێژی زانسـتە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی و کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدین، بە هاوکاریی ڕێکـــخراوی ســـید فاوندەیشن

2024 / 4 / 25-24

هۆڵی کۆنگرێس

کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی

cisw@univsul.edu.iq

cisw@univsul.edu.iq

## به چاودێریی

**پ. د. کۆسار محەمەد عەلی**
سـەرۆکی زانکـۆی سـلێمـانی

**پ. ی. د. کامەران یونس محەمەد ئەمین**
سـەرۆکـی زانـکـۆی سـەڵاحـەدین

## سەرپەرشتیارانی کۆنفرانس

**پ . د. قادر محەمەد حەسەن**
ڕاگری کۆلێژی ئادابی زانکۆی سـەڵاحەدین

**پ. ی. د. پاڤێ جـەمیل ئـەحـمـەد**
ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی

# پەیامی کۆنفرانس

کاری کۆمەڵایەتی (Social Work) زانست و پیشەیەکی پراکتیکی و دیسپلینێکی ئەکادیمییە، پەرە بە گۆڕان و گەشەسەندن و پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی و تواناسازی و هاوکاریی خەڵك دەدات لەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، دامەزراوە کۆمەلاتیەکان، نەخۆشخانە، رێکخراوە مرۆییەکان، خێزان، قوتابخانە، دادگاکان. منداڵ، هەرزەکار، پێگەیشتوو، بەساڵاچوو. بۆیە هیچ شوێنیك نیە کە پێویستی بە کاری سۆشیال وۆرکەر (کارمەندی کاری کۆمەڵایەتی) نەبێت.

کاری کۆمەڵایەتی کار لەسەر بنەماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵ و ڕێزگرتن لە هەمەچەشنیی و جۆری لەرووی ڕەگەز و ئاین و ئیيتنيکە جیاوازەکان دەکات کە ئەمەش بە ناوەرۆکی کاری کۆمەڵایەتی دادەنرێت. کاری کۆمەڵایەتی کار لەسەر تیۆرییەکانی کاری کۆمەڵایەتی، زانستە مرۆییەکان دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئاڵنگاریەکانی ژیان و بەرزکردنەوەی خۆشگوزەرانی تاك و خێزان و کۆمەڵگە.

لەگەڵ بەرەوپێشچونی کۆمەڵگە و وئەو گۆرانكاریە خێرایانەی بەهۆی بەجیهانی بوون و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا ڕوودەدات لەسەرئاستی جیهان، کۆمەڵگەی کوردیش بەرکەوتەی ئەو گۆرانکاریانەیە جگە لەبوونی قەیران و کێشە بەردەوامە نێوخۆییەکان، هەربۆیە بوونی پیشەیەکی وەك کاری کۆمەڵایەتی لەئێستادا گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ کۆمەڵگە بەوپێیەی ڕاستەوخۆ کار لەسەر خۆپارێزی و چارەسەرکردن و گەشەپێدانی تواناکانی تاکە کەس و گروپ و کۆمەڵگە دەکات، لەگەل ئەوەش دەرچووەیەکی زۆری بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان، رێکخراوە نیوەخۆیی و نێو دەولەتییەکان، داموودەزگا حکومی و

نا حکومیەکان کار دەکەن، بەڵام مەخابن بەهۆی ئەوەی کە پیشەیەکی نوێیە لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و لە عێراق بە تایبەتی تا ئێستا نەتوانراوە بەباشی بناسرێت و شوێنی خۆی بگرێت لە کۆمەڵگەدا، جگە لەوەی تێکەڵاوی دروست دەکرێت لە نێوان دەرچوانی ئەم بەشە لەگەڵ بەشەکانی وەك کۆمەڵناسی و دەروونناسی، لەم گۆشەنیگایەوە ئەنجامدانی کۆنفرانسکی زانستی لەم کاتەدا بایەخ و گرنگی خۆی دەبێت بۆ زیاتر ناساندنی بەشەکە و جیاکردنەوەی لە بەشەکانی تر و ڕەواندنەوەی ئەو لێڵی و ناڕونیەی هەیە لەسەر ئەم پیشەیە و دەرچوانی ئەم بەشە.

هاوکات کۆنفرانس دەرفەتێکە بۆ خستنە ڕوی چەندنین گۆشەنیگای جیاوازی لۆکاڵی و نێودەوڵەتی لەسەر ئێستا و داهاتووی ئەم پیشەیە کە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دووبارە دارشتنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن بەگشتی و بابەتی ڕاهێنانی مەیدانی بەتایبەتی کە هاوتەریب بن لەگەڵ پرۆگرامە جیهانیەکان ولێرەوە خزمەتێکی زیاتر بە خوێندکارانی بەشەکە دەکات لەڕێگەی بونیادنانی سکیلە سەرەکیەکانی کاری کۆمەڵایەتی Social Work Skills لە کەسێتی پیشەییاندا (لەسەر ئاستی جیهان قسەدەکرت لەسەر ١٢ سکیلي بنەرەتی کە دەبێت لە هەر دەرچوییەکی ئەم بەشە هەبێت.) ئەمەش دەبێتە دەرفەتێك بۆ زیاتر بەرەوپێشچونی بەشەکە و پیشەکە دواتریش کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە.

ئەم کۆنفرانسە دەرفەتێك دەبێت بۆ دەستنیشانکردنی ناونیشانێکی پیشەیی بۆ دەرچوانی کاری کۆمەڵایەتی لەداهاتوودا کەدواتر دەتوانرێت لەم ڕێگەیەوە سەندیکای تایبەت بە خۆیان هەبێت و بتوانن مافەکانیان دەستەبەر بکەن.

# ئامانجەکانی کۆنفرانس

## ئامانجە گشتییەکانی کۆنفرانس

دەستنیشانکردنی شوناسی پیشەیی بۆ کاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

## ئامانجە تایبەتییەکانی کۆنفرانس

1- ناساندنی زیاتری پیشەی کاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.
2- دەستنیشانکردنی چوارچێوەی زانستی ئەم پیشەیە لە ڕێگەی ناساندنی کۆی گشتی بوارەکانی کاری کۆمەلایەتی و پراکتیزەکردنی.
3- خستنەڕووی ئەو بوارانەی نێو کۆمەڵگە کە سۆشیال ۆرکەر دەتوانێت کاریان تێدا بکات.
4- پێشکەشکردنی پێشنیاز و ڕاسپاردە بۆداڕشتنی سیاسەتی گشتی بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم پیشەیە لە هەرێمی کوردستان.
5- بەرەوپێشبردنی پراکتیزەکردن و بە فەرمیکردنی بواری ڕاهێنانی مەیدانی لەسەر ئاستی بەشەکە.
6- دەستنیشانکردنی ناونیشانی وەزیفی بۆ دەرچوانی بەشەکانی کاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

# تەوەرەکانی کۆنفرانس

1- کاری کۆمەڵایەتی لە دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان، سەنتەرەکانی ڕاهێنان و دامەزراوە چاکسازییەکان.

2- کاری کۆمەڵایەتی و چاودێریی کۆمەڵایەتی.

3- کاری کۆمەڵایەتی لە ئاستەکانی منداڵ، هەرزەکار، پێگەیشتوان، بەساڵاچووان.

4- کاری کۆمەڵایەتی لە بوارەکانی ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

5- کاری کۆمەڵایەتی و توندوتیژیی، ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.

6- دەرفەت و بەربەستەکانی بەردەم پیشەی کاری کۆمەڵایەتی.

7- مەیدان و بوارە نوێیەکانی کاری کۆمەڵایەتی.

8- کاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی.

9- کاری کۆمەڵایەتی و ژینگە.

10- کاری کۆمەڵایەتی و میدیا و تەکنەلۆجیا.

# مەرج و ڕێنماییەکان

- توێژینەوەکان لە چوارچێوەی ئامانج و تەوەرەکانی کۆنفرانسەکەدا بن.
- بە پێوەری زانسـتی و ڕێکارەکانی گۆڤاری زانستیی زانکۆی سلێمانی نووسرابن.
- نابێت توێژینەوەکان پێشتر بڵاوکرابنەوە یان لە کۆنفرانسی دیکەدا پێشکەش کرابن.
- لە 20 لاپەڕە زیاتر نەبن بە قـەبارەی A4، دابەشـکرابن بۆ: نـاوەرۆك، پـەراوێز، سەرچاوە و پاشکۆکان.
- پوختەی توێژینەوە لە 250 وشە زیاتر نەبێت.
- بۆ توێژینەوە هاوبەشەکان: لانیکەم یەکێك لە توێژەرەکان ئامادەی کۆنفرانس بن.
- توێژەر CV خۆی بە یەکێك لە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی هاوپێچ بکات.
- توێژینەوە پەسـەندکراوەکان لە ژمـارەیەکی تایبەتی گـۆڤـاری زانستیی زانکۆی سلێمانیدا بڵاودەکرێنەوە.

cisw@univsul.edu.iq

# لیژنەی باڵای کۆنفرانس

**پ. ی. د. محەمەد حسێن کەلاری**

سەرۆکی دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆریی
لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**شێری گراهام تاڵەبانی**

سەرۆکی رێکخراوی SEED

**پ. د. قادر محەمەد حەسەن**

راگری کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین

**پ. ی. د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد**

راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی
زانکۆی سلێمانی

**پ. د. ژیا عەباس قادر**

سەرۆکی بەشی کاری کۆمەڵایەتی کۆلێژی
زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی

**پ. د. ماهیر عەبدولواحید عەزیز**

زانکۆی سەلاحەدین

**د. حەکیم قادر تەها**

سەرۆکی بەشی کاری کۆمەڵایەتی کۆلێژی
ئادابی زانکۆی سەلاحەدین

**تانیا تەڵعەت گلی**

جێگری سەرۆکی رێکخراوی SEED

**د . مەهدی مەغدید قادر**

بەرپرسی باڵای هاوبەشییەکانی SEED

# لیژنەی زانستیی کۆنفرانس

پ. د. ماهیر عەبدولواحید عەزیز ...... سەرۆکی لیژنە ...... زانکۆی سەلاحەدین

پ. د. ژیا عەباس قادر ...... بڕیاردەری لیژنە ...... زانکۆی سلێمانی

د. حەکیم قادر تەها ...... زانکۆی سەلاحەدین

پ. ی. د. رزگار مستەفا غەفور ...... زانکۆی سلێمانی

پ. ی. د. کوردستان عومەر محەمەد ...... زانکۆی سلێمانی

پ. ی. لوقمان ساڵح کەریم ...... زانکۆی سلێمانی

پ. ی. د. هیوا عەزیز ...... زانکۆی سلێمانی

د. سێنك تاهیر مەحمود ...... زانکۆی سەلاحەدین

پ. د. چنور قادری ...... زانکۆی ئەپلاید ساینس- ئەڵمانیا

پ. ی. د. کارین ملۆدۆخ ...... زانکۆی سیگمۆند فرۆید- ئەڵمانیا

پ. ی. د. جۆن کرۆس ...... Managing Director and Chief Researcher, Cross Cultural

د. یۆهان گاردی ...... زانکۆی ئوپسالا- سوید

د. مارتن ئۆرالی ...... زانکۆی تەنزانیا- تەنزانیا

جێسیکا فرانکا ...... زانکۆی ئێسترن مێنۆنایت- ئەمریکا

ئەندریا هاگس ...... زانکۆی کۆڵۆمبیا- ئەمریکا

پ. د. عادل رەزوان ...... زانکۆی ئەزهەر- میسر

# لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس

| | | |
|---|---|---|
| پ. د. ژیا عەباس قادر | سەرۆکی لیژنە | سەرۆکی بەشی کاری کۆمەڵایەتی- زانکۆی سلێمانی |
| د. حەکیم قادر تەها | بڕیاردەری لیژنە | سەرۆکی بەشی کاری کۆمەڵایەتی زانکۆی سەلاحەدین |
| پ. ی. د. عەبدولفەتاح حەمەڕەحیم هەورامی | | زانکۆی سلێمانی |
| پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | زانکۆی سلێمانی |
| پ. ی. د. خەلیل کەریم محەمەد | | زانکۆی سلێمانی |
| پ. ی. د. کوێستان عەلی عەبدوڵڵا | | زانکۆی سلێمانی |
| پ. ی. د. شۆخان مەحمود حسێن | | زانکۆی سلێمانی |
| پ. ی. م. هەردەوان مەحمود کاکە شێخ | | زانکۆی سەلاحەدین |
| پ. ی. محەمەد کەریم ئەحمەد | | زانکۆی سلێمانی |
| د. شیلان علی عارف | | زانکۆی سلێمانی |
| م. دنیا سەلاحەدین مەردان | | زانکۆی سەلاحەدین |
| م. ی. سەنگەر یوسف ساڵح | | زانکۆی سەلاحەدین |
| م. ی . موژدە محەمەد عەزیز | | زانکۆی سەلاحەدین |
| م. ی. هاژە محەمەد ساڵح | | زانکۆی سەلاحەدین |
| م. ی. ڕێزان خەتاب عەلی | | زانکۆی سەلاحەدین |
| ڕۆمان بژێو حەمە | | ب. پرۆگرامەکانی ڕێکخراوی SEED |
| زین مونعیم | | ڕێکخراوی SEED |
| هۆگر حەمەساڵح حسێن | | زانکۆی سلێمانی |

ناردنی پوختەی توێژینەوە
2024/01/31 - 2024/01/17

وەڵامدانەوەی پوختەی توێژینەوەکان
2024/02/03 - 2024/01/31

ناردنی توێژینەوەکان
2024/04/03 - 2024/02/03

وەڵامدانەوەی توێژینەوەکان
2024/04/15 - 2024/04/03

ئەنجامدانی کۆنفرانس
2024/04/25-24

رۆژمێری کۆنفرانس